www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:14 29-10-2006

# میوزیک دەربڕینی هەستێکی بێ شوناس ... ئا: یوسف خەلیل

هەموو شتێك بەشێوەیەك لەشێوەكان كاریگەریی خۆی جێدێڵێت لەسەر مرۆڤ، بەڵام كاتێك دەنگی ئاوازێك بەر پەردەی گوێ دەكەوێ، ناكرێت فەرامۆش بكرێت. گەر بەكردەش لەلای نەبێت هەست و نەستت گیرۆدەی خۆی دەكات و دەتبات لەگەڵ خۆی بۆ ئەو جێیەی ئارامیی لێیەو دنیایەكی پڕ لەئاسوودەییت پێ دەبەخشێت، واتە دەسەپاچەی فەرمانەكانی دەبیت. مرۆڤ رۆژانە رووبەڕووی چەندین كێشەو چەرمەسەری دەبێتەوەو پێویستی بەحەوانەوە دەبێت بۆ هێوركردنەوەی دەروونی ژاكاوی و بەردەوامیدان بەژیان. یەكێكیش لەو هۆكارانەی ئارامی دەبەخشێتە مرۆڤ میوزیكە، كەكاریگەرییەكی تەواوی هەیە لەسەر هێوركردنەوەی هەستەوەر، لێرەوەیە ویستم ئاوڕێك لەمیوزیكی كوردیی بدەمەوە كەوێڕایی كاریگەریی تەكنەلۆژیای سەردەم هەر بەزیندوویی خۆی هێشتۆتەوەو هەنگاوی باشی بەخۆیەوە بینیوە، رۆژانە كاری جوانترو باشتر دەبینرێت لەگەڵ ئەوەشدا چەندین كاری نەشیاو بەرچاو دەكەون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پانتاییەی رەخسێنراوە بۆ ئازادیی رادەربڕین و لێیەوە ئەم كارانەش سەریاندەرهێناوە، ئەم زەمینەیەش كە شتەكان شوێنی خۆیان گرت بەردەوامی نابێت، لێرەوەیە چەند پسپۆرێكی دیاری بوارەكەم وەچنگ هێناو بەكۆمەڵێك گوزارشتی جوان بابەتەكەیان شیكردەوەو قسەی خۆیان كرد ئەوانیش بریتی بوون لەسەلاح رەئوف، خالید سەركار، زانا مەحمود هەژار، سەلاح حەمەعەزیز، عادل محەممەد كەریم و ئارام عومەر محەممەد بەهیوای ئەوەی بەم كارەم بتوانم خزمەتێك بەبوارەكە بگەیەنم و بەرەوپێشی بەرم ئەمەش تەوەرەیەكە كە لەنێو مشتومڕێكی جواندا هاتە ئارا.

*میوزیك چییە؟ چۆن دەبێتە ئاوێتەیەك بۆ شوناسی مرۆڤ و لێیەوە ساتێكی پڕ لەئارامی دێنێتە ئارا؟

-بەڕێز خالید سەركار:

میوزیك هونەرێكی ناسك و جوانە، بزوێنەری هەستی مرۆڤە، بەهرەیەكی خوداییە، دەبێت لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت بۆ خۆشەویستی، بۆ ئاشتی، بۆ یەكێتی و تەبایی وەك هەموو زانستەكانی دنیا، جگە لەوەی میوزیك هونەرەو زمانێكی جیهانییە، هەروەها زانستیشە گەر بەلایەنی ئیجابی بەرجەستە بكرێت ئەوا پەیامی راستەقینەی خۆی دەگەیەنێت و بەپێچەوانەوە گەر بەسلبی بەكاربهێنرێت، تێكشكانی بەها جوانەكان و رەوشتە بەرزەكەی ئەم هونەرەیە وەك بتهۆڤن دەڵێت: دڵێك پڕبێت لەجوانی میوزیك هەرگیز جێی رق و كینەو پیسی تێدا نابێتەوە.

- بەڕێز سەلاح رەئوف:

من پێموایە وشەی میوزیك وشەیەكی لەبارنییە بۆ دەربڕین و ناساندنی زمانی سازو ئاوازەكەمان گەر دەمانەوێت گوزارشت لەهونەرەكەمان بەشێوە ئەوروپییەكەی بكەین ئەوا وشەی میوزیك وەكو وشە ئەوروپییەكە بەكاربهێنین چاكترە.

میوزیك پێناسەی زۆرە دەتوانین بڵێین دەربڕینی هەستی مرۆڤە بۆ ئاسوودەكردنی باری دەروونی كەسی و كەسانی تریش، ئەگەر دەربڕینەكەش بەپێز بوو ئەوا دەبێتە ناسنامەیەك بۆ ئەو كەسەو جاروباریش بۆ میللەتەكەش وەكو لەكارەكانی بتهۆڤن و مۆزارتدا رەنگیداوەتەوە، كەكارەكانیان نەك تەنها سمبولی تاكەكەسی خۆیانن، بەڵكو سمبولی میللەتەكەیان و سەردەمەكەشیانن، بەمیوزیك دەتوانرێت گوزارشت لەهەموو بارەكانی هەستی و ناوەوەو دەرەوەی تاكەكەسی و سەرانسەری میللەتەكەشی بكرێت لەهەموو بارەكانی ژیانی مرۆڤایەتیدا كاریگەریی هەیە زمانی سازو ئاواز هاوكاریی هەموو سەردەمەكانی ژیانی میللەتانە لەكاتی شەڕو شۆڕو لەكاتی ئاسوودەیشدا، ئاشكرایە ئەركی هونەر بەگشتی و زمانی سازو ئاواز بەتایبەتی زۆركات بەشێك لەو هونەرە دەبێتە سمبولێكی درەوشاوە بۆ سەردەمێكی ئەو

میللەتە هەروەکو لەسروودی مارسلیزی فەرەنسییەکاندا دەیبینین هەندێکجار دەبێتە سمبولی عیشق و خۆشەویستی و یەکبوون و لێکدابڕان نموونە زۆرن بۆ ئەمانەو لەکلتووری هەموو میللەتێکدا بەرجەستە دەکرێت گرنگیش ئەوەیە لەهەموو سەردەمێکدا ئەرکی هونەر بەگشتی و زمانی سازو ئاواز بەتایبەتی دەستنیشان بکرێت، ئاشکراشە کارە هونەرییەکانی سەردەمی بەرگریی کەزۆربەی زۆری میللەتانی جیهان پیایدا تێپەڕبوون و زۆربەی لەسەردەمی ئاسوودەیی و پێشکەوتن و سەقامگیریدا چێژیان لێ وەردەگیرێت، بۆیە پێویستە لەسەر هونەرمەند بەتایبەتی رەچاوی ئەو سەردەم و بارودۆخانەی بکات کەتێیدا دەژی.

ـبەڕێز زانا مەحمود هەژار:

لەئەنجامی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکترداو ئاوێتەبوونیان لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا، کاتێك مرۆڤ ویستوویەتی ئەوەی لەناخیایەتی دەریببڕێت پەنایبردووە بۆ هەموو کەرەستەکان بۆئەوەی دەنگی گونجاویان لێ پێکبهێنێت و بەکاریبهێنێت، دەنگ و میوزیکیش لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هاتووەو مرۆڤەکان ویستوویانە لەرێگەی ئامێرەکانەوە تەعبیر لەناخی خۆیان بکەن، ئەو زەرورەتە وایکردووە کەمیوزیك بەشتێکی گەورە لەژیان بشوبهێنرێت.

ـبەڕێز سەلاح حەمەعەزیز:

بۆ گوزارشتکردن لەهەندێك هەست و نەستی مرۆڤ زۆرجار وشە دەستەوەستان دەوەستێت و ناتوانێت پڕاوپڕ دەربڕینەکان وەك ئەوەی هەیە گوزارشتی لێبکات، ئالێرەدا میوزیك دەبێتە ئەو دەربڕینە مرۆڤانە رەهایەی کەبەزمانێکی دی هەست و نەستمان دەدوێنێت، ئەمەش پێش هەموو شتێك دیاردەیەکی مرۆڤانەیەو پێش هەر شوناسێکی تر شوناسێکی مرۆڤانەی هەیەو پاش ئەوەی کەتاکەکان زیاتر رۆدەچنە هەستەکانی تریانەوە دەکرێت میوزیك بەپێی کەسێتی و ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی و مەعریفی و.. هتد شوناسی تر هەڵبگرێت.

ـبەڕێز عادل محەممەد کەریم:

میوزیك هونەرە، زانستە، زمانە. کاتێك کەهونەرمەندەکە توانی لەمیوزیك تێبگات لەهەموو روەکانەوە ئەوکات ئەگەر توانی کارێك بەرهەمبهێنێت لەسەر ئەو کایە مەعریفیانەی لەژیاندا هەن ئەوکات نەلایەنی هونەریی فەرامۆش دەکات، هەروەها لەڕووی زانستیشەوە کاردەکات و دواتر دەبێت ئەو زمانەی کەهەموو گەلانی دنیا لێی تێدەگەن واتە میوزیك ئەوکات بەواتا فەلسەفییە جوانەکەی دەردەکەوێت کەدەبێتە زمانی سەرجەم مرۆڤایەتی و لەئاخ و داخ و حەسرەت و خۆشی و ناخۆشی گەلانی دنیاوە دێت و گفتوگۆدەکات.

ـبەڕێز ئارام عومەر محەممەد:

ئەگەر بێینە سەر پێناسەکردنی میوزیك ئەوا لەدوو تەوەردا خۆی دەبینێتەوە بۆ نموونە تەوەری یەکەم وەك زانست یان وەك زاراوەی میوزیك بۆئەوەی بزانین لەچییەوە ئەم زاراوەیە سەرچاوەی گرتووە ئەوا بەمشێوەیە باسی لێوەدەکرێت، رەچەڵەکی ئەم وشەیە یۆنانییە لەموساـوە سەرچاوەی گرتووە کە بەواتای ئەو شتە دێت کەوەرگیراوە وەك وشەی (الهام) ی عەرەبی، لەدواییدا وشەی (قی) یان (قا) دراوەتە پاڵی و بۆتە مۆسیقا کە بەواتای هونەر دێت بەگشتی، لەدواییدا ئەم ناوە تاکڕەوی کردو بەوە دەوترا کەواتای زمانی ئاوازەکان و هەست و نەستەکانە، تەوەری دووەم پێناسەکردنی میوزیك وەك هونەرەکە خۆی کەزۆرینەیەك لەفەیلەسوفەکان و ناودارەکانی جیهان بەمۆسیقییەکانیشەوە پێناسەی تایبەتی خۆیان داوەتێ، کەچەندین نموونەی زیندوو هەیە لەم پێناسانە کەتا ئەم سەردەمەشمان لەزۆرینەی ئاهەنگەکان و بۆنەکان دەنووسرێن یان دەدرێن بەگوێی خەڵکیدا، منیش لێرەدا چەند

نموونەیەکتان بۆ دەنووسمەوە لەوانە هەندێك دەڵێن: کەمیوزیك هونەرێکی رۆحییە کەخواوەند خۆی خەڵقیکردووە لەپێناو پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی رۆح و ویژدانی پێباشتر بکات و پاکی بکاتەوە، هەندێکی تر دەڵێن کەمیوزیك زانستێکی بیرکارییانەیە، چونکە زانستی دەنگەکان یان بنەمای دەنگەکانی لەخۆگرتووە، بۆ نموونە هەر زنجیرەیەك لەژمارەکان پەیژەیەکی میوزیك پێکدەهێنێت کەهەریەکەیان لەسروشتی ئەوی تریان جیاوازترە. لێرەدا مەبەست لەزنجیرەی ژمارەکان میانەکانە، هەندێکی تر دەڵێن کەمیوزیك زمانی جوانی و هەست و نەستە، بۆیە دەتوانین ئەوە بڵێین کەمیوزیك هونەرو زانست و زمانەو لەلایەن خواوەندەوە پێمانبەخشراوەو لەومان وەرگرتووە.

*دەکرێت بڵێین میوزیکی کوردیمان هەیە؟ ئەگەر وەڵامت بەڵێیە دەتوانیت لەو کارانە بدوێیت کەجێی نەمری بن بۆ هونەری کوردی، ئەگەر وەڵامەکەشت نەخێرە چی بکەین بۆ ئەوەی لەو ئاستەنگە رزگاری بکەین؟

-بەڕێز سەلاح حەمەعەزیز:

ئێمەش وەك گەلانی تری سەر ئەم زەمینە بەهۆی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و جوگرافیمانەوە خاوەنی سامانێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆرو کەلەپووری گۆرانی و هونەری میللین، بەلاّم کاری بەکۆمەڵی میوزیکی و بەشێوە زانستییەکەی لەنێو کورددا تازەیەو مێژوویەکی دووری نییە، بەلاّم لەگەڵ ئەو تەمەنە کورتەشیدا ئەمڕۆ دەیان گروپی میوزیکی و بەتایبەتمەندێتی جیاواز کاردەکەن و خەریکی بەرهەمهێنانی هونەرین کەئەمەش ئاسۆی بەرەوپێشچوونی زیاتری لەبەردەمدایەو ئەگەر هونەرمەندی رەسەن گرنگی بدات بەپێشخستنی خۆی و هونەرەکەی و هونەر بکات بە خەمی گەورەی خۆی و زەمینەی لەباریشی بۆ برەخسێنرێت ئەوا میوزیکی کوردیمان لەئاستێکەوە بەرەو ئاستێکی باشتر دەگوازێتەوە.

-بەڕێز خالید سەرکار:

ئێمەی میللەتی کوردیش وەك هەموو گەلانی دنیا میوزیك و گۆرانی خۆمان هەیە کەشناسنامەی نەتەوەیی خۆمانە، دەبێت شانازی پێوەبکرێت راستە هۆکاری سیاسی و کۆمەلاّیەتی و نەخوێندەواریی و نەبوونی دەوڵەتی کوردی و کیانی سیاسی بووەتە هۆکاری گەورەی دواکەوتوویی ئەم هونەرەو زیاتر لەمەش دزینی سامانی نەتەوەییمان بەبێ هیچ رێگرێك، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەخاوەنی گۆرانی و میوزیکی خۆمان نەبین؟ ئەو دەنگە رەسەنانەی کەهەڵقولاّوی هەستی ناسکی ئەم میللەتەن و لەناخ و ویژدانی راستەقینەی خەڵکەوە سەریهەڵداوە وەك دەنگی هونەرمەندان سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و مەلا کەریم و ئەحەی ناسرو مامڵێ و حەسەن زیرەك و عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق و کاوێس ئاغاو خالّقی و.. چەندین دەنگی رەسەنی تر شایەتێکی راستەقینەی ئەم حاڵەتەن و خۆشبەختانە گەلێك پەیمانگەو گروپ و تیپی میوزیك لەسەرتاسەری کوردستان پێکهاتوون و زۆر بەجوانی و جددی سەرقاڵی کاری جوان و گەشەپێدانی گۆرانی و میوزیکی کوردین و بەهەنگاوی بەرچاو بەرەوپێشەوە دەڕوات.

-بەڕێز سەلاح رەئوف:

زمانی سازو ئاواز (میوزیك) هاوتای لەدایکبوون و دروستبوونی هەموو میللەتانی سەرانسەری جیهانە، هیچ میللەتێك نییە ئەو زمانەی نەبێت، بەلاّم بەرادەی پێشکەوتنی باری کۆمەلاّیەتی و ئابووریی و رامیاریی زانستی خۆی، من پێموایە میللەتی کوردیش لەو زمانە بێبەری نییە بگرە خاوەنی سامانێکی گەلێك گەورەو چڕوپڕە، زۆر کەسانی بلیمەت هۆکاربوون بۆ نەفەوتانی ئەو سامانە گەورەیە، بەلاّم مەخابن کەس تائێستا نەیتوانیوە بەپێی سەردەم کاری لەگەڵ بکات، بەواتای چۆن پەیدابووە هەر بەو جۆرە ماونەتەوەو لەبەر کەمی بیری زانستی تیایدا هونەرەکەمان هەر لەچوارچێوەی خۆیدا ماوەتەوە،

هونەرێك كەتائێستا ناسنامەیەكی تایبەتی نەبێت، هونەرێك بەمیوزیكزانەكانیشییەوە نەتوانن زانستییانە لێیبدوێن، هەندێك بڵێت میوزیكی كوردی خاوەنی پەیژەو مەقام نییە، هەندێكی تر كوێرانە دوای كەسانی میللەتانی دراوسێ بكەون بۆ زانینی ئەو پەیژەو مەقامانە. ئەوە بەبیروڕای من گەورەترین كەمایەتییە لەهونەرەكەماندا زۆر بەداخەوە دەڵێم زۆر میوزیكزانی میللەتەكەمان هەیە تائێستاش بەرێگای زانستی ناتوانێت نۆتەی میوزیكی ئاوازەكان بنووسێتەوە، تا بەشێوەیەكی زانستییانە ئەنالیزو شیكارییان لەگەڵ بكرێت و برەویان پێبدرێت، لەدێرزەمانەوە ئەوروپییەكان ناسنامەی ئەو زمانەی خۆیان زانیوەو برەویان پێداوە. ئاشكرایە ئەوانیش بەسەردەمی جیاوازدا تێپەڕبوون تا توانیویانە بگەنە ئەو ئاكامەی كەئێستا تێیدان، لەسەرەتای دۆزینەوەی پلە دەنگییەكانی میوزیكەوە تا بەكارهێنانی سیستمی دەنگییەكان (تێراكۆرد) پاشان (سكێڵ) و پەیژە میوزیكییەكان، ئاشكرایە ئەو كارە ماوەیەكی زۆری ویستووە تا ئەو هەموو كارە بەكەڵكانە لەزمانی سازو ئاوازەكەیاندا كراوە، بەڵام بەداخەوە میللەتانی رۆژهەڵات رۆژ بەرۆژ و سات لەدوای سات بەرەو جەنجاڵی و نازانستێتی لەو زمانەدا دەڕۆن كەسێك كەناسنامەی ئەو زمانە بەشێوەیەكی زانستی نەزانێت بەچ روویەكەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەكات؟ بەمەرجێك كەسانی خاوەن تەمەنێكی دوورو درێژ كەدەبوایە رۆژ بەدوای رۆژ هەوڵبدرایە بەشێوەیەكی زانستی ئەو پێناسەیە ئاشكراتر بكرێت، ئەمە لەلایەك لەلایەكی تریشەوە نەناسینی ئەو پێناسەیە بۆتە هۆی مانەوەی ئاستی فراوانی هونەرەكەمان هەر لەو بەرگەداو هیچ لەو فۆرم و ئاوازە جوانكیلانەی هەمانە هیچ برەوێكیان پێنەدرێت هەندێك سیستم هەیە لای وڵاتە ئەوروپییەكان چەند سەدەیەكی بەسەردا تێپەڕیوە، بەداخەوە ئێستا كەسانێك لای ئێمە بەهۆی نەشارەزاییانەوە دەیانەوێت بیهێننە كایەو خۆشیان دەزانن ئەو جۆرە سیستمە سیستمێكی زۆر كۆنەو پێش دۆزینەوەی پەیژە جیاجیاكانی زمانی میوزیكە، هیوادارم خۆیان و دەزگا بەرپرسەكانیش رەچاوی ئەو خاڵە دژوارو ناشایستەیە بن كەجگە لەماڵ كاولكردنی سامانی هونەری نەتەوایەتیمان هیچ بەخششێكی تری لێ ناكەوێتەوە، ئاشكرایە بەزانستكردنی سامانی نەتەوەیی هونەری میوزیكی نەتەوەكەمان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆیان دەنوێنن:

1- دووركەوتنەوە لەبەكارهێنانی سیستمی چوارینە دەنگی سیستمی تێراكۆرد بۆ پێناسەكردنی ئاوازە میوزیكییەكانی كوردی، كەڵك لێوەرگرتنی ئەو سیستمە تەنها بۆ برەودان بەجوانكاریی و هاودەنگی كردنی ئاوازەكان.

2-پێناسەكردنێكی زانستی پەیژە سكێڵە میوزیكە كوردییەكان و دەستنیشانكردنی جۆرەكانی سكێڵی میوزیكی كوردی.

3-پێناسەكردنێكی زانستییانە بۆ گۆڕانكاریی لەنێوان سكێڵە میوزیكە كوردییەكاندا تا بەشێوەیەكی زانستی برەو بەفۆرم و ئاوازە میوزیكە كوردییەكان بدرێت و فۆرمی بەپێزترو فراوانتریان لێپەیدا بكرێت بەو شێوە زانستییەی كەئێستا لەسەرانسەری جیهاندا دەیبینین نەك هەروەكو ئەو شێوە كلاسیكییەی ئێستا كە لەڕووكەشی هونەرەكەماندا دەیبینین.

-بەڕێز ئارام عومەر محەممەد:

هەرگیز ناتوانرێت ئەوە بووترێت كەئێمە خاوەن میوزیك نین، چونكە هەر گەلێك كەزمانی تایبەت بەخۆی و جلوبەرگ و ئاسەوارو چەندین كلتووری تری هەبێت كەتەنها پەیوەست بێت بەخۆی، هەڵبەت لەو نموونانە میوزیك یەكێكیان دەبێت، نموونەی زیندووی ئەم باسە زۆرە، بەڵام ئێمە دەتوانین كەمێكیان بخەینەڕوو بۆ نموونە ئەو (سیاچەمانەیەی) لەهەوراماندا هەیە زۆر ئاستەنگە بتوانرێت بەهەمان شێواز بووترێت لەناوچەیەكی تری ئەم جیهانەدا یان (قەتارو ئەڵڵاوەیسی) ناوچەی گەرمیان

یان حەیران یان لاوکی دەشتی هەولێر، لەوانەیە هەندێك بڵێن ئەمە گۆرانییە، بەڵام گۆرانیش هەر بەشێکی سەرەکی میوزیکە، سەرەڕای ئەمە چەندین دەنگی زیندوو هەیە کەگۆرانییان چڕیوەو هەر کارتێکەرییەکی وایان لەسەر نەبووە کەپێیانبووترێت ئەم دەنگانە کوردی نین، نموونەش بۆ ئەمانە زۆری لەوانەی (سەید عەلی ئەسغەرو عەلی مەردان و مەزهەری خالقی، رەشۆڵ، تایەر تۆفیق و زۆرێکی تر) یان وەك نموونەی زیندووی میوزیك کەسێك هەیە بتوانێت بڵێت کەئەو شمشماڵەی قالەمەڕە دەیژەنێ کوردی نییە؟ چونکە لەناو جەرگەی شاخەکانی کوردستانەوە هەڵقولاوەو لەناخی کەسێکی کوردەوە دێتە دەرێ، بەڵام ئێمە بەداخەوە لەبەرئەوەی کەکەسانێکی دڵسۆز نییە بەم کلتوورو کەلەپوورانەدا بچێتەوە بیانکاتە دەستنووس و جێگیر بکرێت و بنووسرێتەوە زۆرجار دەگەینە بیرکردنەوەی زۆر خراپ کەبڵێین میوزیکی کوردی کامەیە؟ ئەم باسەش کاری زۆر قورس و گرانی دەوێت کەدەبێت چەندین کەس و تەنانەت دەوڵەتیش خەمخۆری بکات ئەگینا دواڕۆژی زۆر خراپتر دەبێت.

بەرێز عادل محەممەد کەریم:

ئەم پرسیارە وەڵامی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا ئەوا لەئاستێکداین و ئەگەر خۆشمان بەراوردبکەین لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نزیك ئەوا لەئاستێکی ترداین و بیروبۆچوون و بەراوردەکان دەگۆڕێن، بەڵام ئەوەندە دەڵێم سامانی نەتەوایەتیمان واتە میوزیکی کەلەپوریمان هێندە دەوڵەمەندە نازمێردرێت، بەڵام کاری میوزیکی نوێ ئەوە لەخاڵی یەکەمدا وەڵاممداوەتەوەو لەوەدا لەسەرەتاداین و لەهەنگاوە یەکەمەکانداین بۆ نموونە ئۆرکسترا هەیە لەکوردستاندا کاری کوردی جوان نمایش دەکات ئەمەو هەندێك لەو کارانە رووبەکی گەش و جوانیان هەیە، پێشتریش کارەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی قۆناغێکی تری میوزیکی کوردیمان بوو کە لەمۆرکە فۆلکلۆرییەکە هاتەدەرو هەنگاوی تری نا. ئەگەر زۆر سەرەتاش بێت کەواتە بەکورتی میوزیك و رەمزی کوردی زۆر جوانمان هەن، بەڵام هەموویان کەلەپوورییەو هێشتا بەخامییەکەی خۆی ماوەتەوەو کاری جادیان لەسەر نەکراوە.

بەرێز زانا مەحمود هەژار:

دەکرێت بڵێین سەید عەلی ئەسغەری کوردستان و حەسەن زیرەك و کەریم کابان و تایەر تۆفیق و محەمەد عارف جەزیری نموونەی بەرزی کۆڵەکەکانی گۆرانیبێژی کوردن، دەروێش عەبدوڵڵا و قالەمەڕەو میرزادەو ئەنوەر قەرەداغی و دڵشاد محەمەد ئەمین و فەرهاد محەمەد ساڵح و ئاکۆ عەزیز و گۆران کامیل و نایەکەی خەلیل و دەهۆڵەکەی بەرات و سەنتورەکەی پرشنگ و جۆزەکەی ئەردەشێر و دەفەکەی بێژەنگ و باڵەبانەکەی حەسەنی حاجی قاسم ئەمانە هەمووی ئەستێرەکانی ئاسمانی میوزیکی کوردین و دەیان هونەرمەندی دیکەی کوردیش کەناوم نەهێناون چاو لەئازایەتی و توانای ئەوان دەکەن، مەقامەکانی عەلی مەردان و حەمەساڵح دیلان و تایەر تۆفیق و حەمەجەزا کەکوردو گوێگریش بەو خەیاڵانە مەست دەبن.

*ئامێرە کوردییەکان یاخود رۆژهەڵاتییەکان دەتوانن ببنە شوناسێك بۆ میوزیکی کوردی؟ یاخود ئامێرە خۆرئاواییەکان یان هەردووکیان پێکەوە دەتوانن ساتێکی جوان ببەخشنە ئادەمیزاد؟

بەرێز خالید سەرکار:

میللەتانی جیهان کەم تازۆر بەشدارن لەکاروانی پێشکەوتنی ئاستی هونەری میوزیك و هاتنە بەرهەمی ئامێرە میوزیکییەکان کەپێشکەش بەمرۆڤایەتی کراوە، میللەتی کوردیش کەم تا زۆر لەم بوارەدا بەشداربووەو چەندین ئامێری میوزیکی میللی بۆ خۆی هێناوەتە بەردەست و هەندێکی تریشی لەمیللەتانی دنیا وەرگرتووە و بەکوردی کردون و گونجانوونی بۆ میوزیك و گۆرانی کوردی، جا ئەم

ئامێرانە رۆژهەڵاتی بن یان رۆژئاوایی، هەمووی بەگەلێك هەنگاوی گۆڕانکاریدا تێپەڕبوون و تاشێوەو شێوازی زانستی خۆیان وەرگرتووە تا لەگەڵ ئۆرکستراو گروپە میوزیکییەکان بەکاربێت و کاری جوان و شاکاری جیهانییان گەلێك لێ پێکهێناون و مرۆڤایەتی لێی سوودمەندبوون و جوانی و خۆشیداوە بەدنیاو گەلانی.

بەڕێز ئارام عومەر محەممەد:

لەم باسەدا زۆر قورسە بووترێت کەسەدی سەد ئەم ئامێرە کوردییە، زۆر ئەستەمە ئەم باسە دەستنیشان کردنی تێدابکرێت، دەشێ بووترێت ئەم ئامێرانە لەلای کورد زۆر بەکارهاتووەو کاری پێکراوە، من لێرەدا مەبەستم کەمکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی و کەلتووریی گەلەکەم نییە، چونکە خۆشبەختانە نەعەرەب و نەفارس و نەتورك نەیانتوانیوە سەدی سەد بڵێن ئەم ئامێرە هی ئێمەیە، بۆ دواجار ئەوانیش دەڵێن ئەم ئامێرە رۆژهەڵاتییە، بەڵام دەکرێت بەهەردوو جۆری رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایش میوزیکی کوردی پێبژەنرێت لەبەرئەوەی ئەو کەسەی کەئامێرەکە دەگرێتەدەست هەڵبەتە کەسێکە کەکوردەو چۆن بەزمانی خۆی قسە دەکات زمانی ئامێرەکەشی هەر کوردی دەبێت ئەگەر رۆژهەڵاتی بێت یان رۆژئاوایی. دەشتوانرێت ساتی زۆر خۆشی پێ ببرێتەسەرو تام و چێژ بداتە خەڵکی و ئادەمیزاد، دواجار گرنگ ئەوەیە کەبڵێین زۆر بەکەمی بەریەککەوتن هەبێت لەگەڵ دەورووپشتەکەمان و نەهێڵین ستایل و مۆرکی ئەوان کاریان لەسەر میوزیکی ئێمە هەبێت.

بەڕێز سەلاح حەمەعەزیز:

بەڕای من ناخی هونەرمەند خۆی شوناسی میوزیکی کوردیمان دیاریدەکات و ئامێرە میوزیکییەکان رۆژهەڵاتی بن یان رۆژئاوایی بەشێوەی نسبی کاردەکەنە سەر ئەو لایەنە.

بەڕێز عادل محەممەد کەریم:

سەلماندنی ئامێرێك لەئامێرە میوزیکییەکان باشترین بەڵگەن بۆ دیاردەی شارستانی مەدەنی بوونی هەر گەل و نەتەوەیەك، چونکە کەسەلما ئەو ئامێرە لەساڵی ئەوەندەوە لەناو ئەو گەل و میللەتە بەکارهاتووە واتە بێ چەندو چوون بەڵگەی بوونی گۆرانی و هەڵپەڕکێشە لەهەمان کاتدا، کەواتە ئامێری میوزیکی وەکو رۆشنبیرییەکی دیارو حاشاهەڵنەگرە بۆ شوناسی میوزیکی هەرگەلێك، تێکەڵکردنی هەردوو جۆرە ئامێرەکەش رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکان دەکەوێتە سەر سەلیقەی دانەرو میوزیکمەندی بەتوانا ئەگەر بەڕووی زانستی و راستگۆیی خەیاڵی جوان بەکاربێت دڵنیابە کەساتێکی جوانتر لەوەی کەتەسەوری دەکەیت دەبەخشێت.

بەڕێز سەلاح رەئوف:

ئاشکرایە ئامێری میوزیکی هۆکاری دروستبوونی ئاوازە میوزیکییەکانە، بەهۆیانەوە جۆری جوانی و بەپێزی ئاوازەکان دەبینرێت بەڕای من توانای ئامێرژەنەکە هۆکارێکی گەورەترە بۆ جوانتر دەربڕینی ئەو ئاوازەو ناساندنی بەگوێگر، ئاشکرایە هەندێك ئامێری میوزیکی هەن کەزیاتر نزیکن لەمۆرکی رەسەنی نەتەوەیی کورد، بەڵام توانای ئامێرژەنەکە دەتوانێت ئاوازەکە بکاتە شوناسێك بۆ ئاوازێکی رەسەن بۆ نموونە ئامێری باڵەبان کەتورکەکانیش دەیژەنن، پێتوایە کەئامێری میوزیکی تورکی بێت، بەڵام کەخوالێخۆشبوو حەسەنی سەیدزادە ئەیژەن ئاوازەکەو ئامێرەکەشی کردبووە سونبولێك و شوناسێکی جوانی کوردی، بەکارهێنانی هەر جۆرێکی ئامێری میوزیکی بەرۆژئاوایی و رۆژهەڵاتییەکانیشەوە ئامێر ژەنەکانیان دەستنیشانی ئەو جوانییە لەئاوازەکەدا دەکەن، پێموایە زمانی سازو ئاواز سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە بەتوانای هەرسێکیان کارێکی جوان ئەنجام دەدرێت ئەوانەش:

*ئاوازەکە.

*جۆری ئامێرەکە هەرچی ئامێرێکی میوزیکی بێت بەگەرووی ئادەمیزادیشەوە.

*توانای ئەو ئامێرژەنە.

هۆکارێکی گرنگی تریش هەیە ئەویش چۆنێتی گەیاندنی بەگوێگر کە ڕووی تۆمارکردن و پەخشکردنیش دەگرێتەوە، تا جۆری تۆمارکردن وپەخشکردن لەبارتر بێت جۆری گەیاندنەکەی خۆشترو ناسکتر دەبێت، پێموایە هونەرمەند خۆی نەتوانێت ڕاددەی سەرکەوتنی خۆی ڕاستەوخۆ لەدوو توێی ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا بخاتەڕوو، بەقەدەری ئەوەی بتوانێت کارە هونەرییەکانی بخاتەڕوو، پاشان گوێگر یان خوێنەری ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەیە لەڕوانگەی کارەکانییەوە چاکترە هەڵیبسەنگێنن.

-بەڕێز زانای مەحمود هەژار:

لەگەڵ بوونی هەر نەتەوەیەك ئامێرێکی نەتەوەیی یان زیاتر هەیە، ئەو ئامێرە لەگەڵ مێژوودا هاتووەو تێکەڵاوە لەگەڵ هەست و نەستی خەڵکدا، بۆ نموونە باڵەبان، بلوێر، دەهۆڵ، زوڕنا.. ئەمانە هەموویان مێژووی میللەتی کوردییان ڕازاندۆتەوەو تێکەڵاو بەشاییەکانن و دیوەخانەکانیان گەرم کردۆتەوەو تێکەڵاوی شیعرو پەخشانەکان بوون، دەکرێت ئەو ئامێرانە لەنێو کاری زۆر جواندا پێشکەش بەجیهان بکرێت بەمەش ڕۆحە زیندووەکانی میوزیك سەر زەمین دەگەیەنێت بەیەك.

*تۆی هونەرمەند کەساتێکی ئارام یان ئاوابوون یا خەمۆکی بەژێی میوزیك دروست دەکەیت و لەگەڵ کەسی بەرامبەرت دەکەویتە گفتوگۆ، تاچەند توانیوتە سەرکەوتن بەدەستبهێنیت و وەڵامی هەموو پرسیارەکانیش بدەیتەوە؟

-بەڕێز سەلاح ڕەئوف:

من لەساڵی 1968ـەوە خولیای دنیای هونەری سازو ئاواز بووم، لەساڵی 1969ـەوە بوومە ئەندامی تیپی میوزیکی سلێمانی، لەساڵی 1972 بوومە مامۆستای وانەی هونەری میوزیك لەقوتابخانەکانی ناوشاری سلێمانی لەوساتەوە بەشداریی هەموو چالاکییەکانی تیپی میوزیکی سلێمانی و هەروەها چالاکییەکانی چالاکی هونەری سەر بەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانیم کردووە، وەکو میوزیکزانێك ساڵی 1974 وەك ئەندامێکی چالاك لەتیپی میوزیکی سلێمانی بەشداریی شۆڕشی ئەیلولم کردووە، لەسەرەتای ساڵی 1976 پاش ئەوەی لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دڵسۆزی هاوەڵمدا بۆماندەرکەوت کەڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس چەند مۆڵگەیەکی کردۆتەوە بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکانمان بەرەو ئەو مۆڵگایانە بەبیانووی فێرکردنی میوزیکی بەرێت ئێمەش لای خۆمانەوە و بەپشتگیریی دڵسۆزان لەبەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەری قوتابخانەکان چەند مەڵبەندێکی فێرکردنی میوزیکی خۆبەخشمان بەخۆڕایی کردەوە، لەوانە تیپی میوزیکی پیرەمێردو نەورۆزو بێخودی لێ دروستبوون کەزۆربەی زۆری ئەو جگەرگۆشانە لەنەوەی کەسانی تێکۆشەرو سەر بەبنەماڵەیەکی خانەدانی هەڵنەخەڵەتاوبوون، لەو تیپانەدا کەسانی زۆر دیارو ناسراوی ناو گۆڕەپانی ئێستای هونەری کوردی پەروەردە کران، لەساڵی 1983 یەکێك بووم لەدامەزرێنەرانی بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و تاساڵی 19977 وەکو مامۆستایەکی پراکتیکی و تیۆری تا سەفەرکردنم بۆ دەرەوەی وڵات مامەوە، لەسەرەتای ساڵەکانی 1980ـەوە خولیای ئاوازدانانم کەوتە سەرو زۆر کاری ئاواز دانانم بەجێگەیاند لەهەرە دیارەکانی، دانانی پتر لە 12 کۆڕاڵ (گۆرانی بەکۆ) بۆ خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانم بەئەنجامگەیاند، ئاوازم بۆ زۆربەی گۆرانی چڕانی ناوشاری سلێمانی و دەرەوەش بەئەنجامگەیاندووە لەوانە گۆرانیبێژان کەریم کابان، خوالێخۆشبوو عوسمان عەلی، عەدنان کەریم، دیاری قەرەداغی، پەیمان عومەر، ئەسعەد قەرەداغی، تارا ڕەسوڵ، ئەمەل سەعید کوردە، عەباس محەممەد، ئالان عومەر،

ئەژدەر وەهبی، عومەرگوندی، ئاڤان جەمال و چەند گۆرانیبێژێکی تر، چەندین ئاوازی میوزیکیم بۆ زنجیرە دراما تەلەفزیۆنییەکانی وەکو ژاڵە، گوڵاڵە، مەرگی ئەرخەوانی، چارەنووسی ئادەمیزاد، چراو فیلمی سینەمایی بۆ یەکەمجار نێرگز بووکی کوردستان داناوە، چەند کتێبێکی زانستی میوزیکم بەچاپ گەیاندووە لەوانە فێربوونی کەمانچە، تیۆرەکانی میوزیك، پۆلێنکردنی پەیژە میوزیکییەکانی رۆژهەڵای ناوەڕاست، ئێستاش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیم بۆ زانکۆی ئەمستردام بەسەرپەرشتی مامۆستای ئازیزم لیۆ پلینکەرس بەدەستەوەیە بەناوی (پۆلێنکردنی فۆرم و پەیژەکانی میوزیکی کوردی) کەتێکڕای ئاوازەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی گەورە لەخۆدەگرێت، لەناوچەی ورمێ و مهابادو سنەو سابڵاخ و لەیلاخ و کرماشان و کرندو سەرپێڵی زەهاوو ناوچەی خانەقین و بەری رۆژهەڵاتی رووباری سیروان تا دەگاتە شاری هەڵەبجەو پاشان هەموو ناوچەکانی هەورامان و شاری سلێمانی و ناوچە بەرینەکەی گەرمیان و پاشان دەشتی هەولێرو دەوروبەری و تا ناوچەی بلەو بارزان و دهۆك و زاخۆو پاشان کوردستانی رۆژئاوا (ناوچەی قامیشلی و دەوروبەری) پاشان کوردستانی باکوور (دیاربەکرو تا ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی وان) تائێستا پتر لە450 لاپەڕەی گەورەم نووسیوە بەتەواوی تا دەشتی هەولێرم تەواوکردووە هەموو چاوپێکەوتنەکانی تریشم بەدەزگا نوێکانی تۆمارکردن تەواوکردووە تەنها ماوە بیانخەمە PC بەهیوای تەواوکردنی هەمووی، گەر تەمەن رێبدات.

-بەڕێز عادل محەممەد کەریم:

هەموو مۆسیقییەکی راستگۆ هەمیشە لەگەڵ ئامێرەکەیدا دەست لەملانە بۆ تاووتوێی کێشەکانی کۆمەڵ. لەبەرئەوە بەردەوام کەساتێکی خۆش یان ناخۆش دەبینێت و تیا گوزەردەکات یاخود پێشبینی دەکات، هونەرمەند بەو خەوو خەیاڵە جوانەی هەیەتی رەنگە ئامادەیی هەبێت و بەجۆرێك لەجۆرەکان گوزارشتی خۆی هەیە ئەگەر بەنهێنیش بێت.

-بەڕێز زانا مەحمود هەژار:

من وەڵامی هەموو پرسیارێکم پێنەدراوەتەوەو میوزیك زۆر زۆر گەورەترە لەوەی کە من دەیزانم، بەڵام هەستدەکەم ئەوەی حەز لەمیوزیکی کوردی دەکات حەز دەکات گوێ لەکارەکانم بگرێت.

-بەڕێز خالید سەرکار:

هونەری میوزیك بەگشتی پەیامەو پەیامێکی پیرۆزە، هونەرمەند ئەرکێکی گەورەی لەسەرشانە دەبێت بەڕاستی و دروستی ئەو پەیامە جوانە ئیلاهییە بگەیەنێتە مرۆڤایەتی، کار بۆ گۆڕین و ئەفراندن و پاككردنەوەی دەروونی مرۆڤ بکات لەهەموو ژەنگ و پیسییەك، جا کاتێك هونەرمەند ئەم پەیامەی بەهەموو ماناکانی دەگاتە خەڵکی و کاریگەریی جوان لەهەستیاندا بەدی دەکات و وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەداتەوە، شانازی و سەربەرزیی خۆی دەگاتە لوتکە.

-بەڕێز ئارام عومەر محەممەد:

هەموو هونەرمەندێك تا ئەو رۆژەی کۆتایی بەژیانی دێت، لێرەدا مەبەستم لەهونەرمەندی مۆسیقایە، هەمیشە لەگوزارشتدایە لەگەڵ ناخی خۆی و بەرامبەرەکەی کەگوێگرە، ئەم گوزارشتەش زۆر لایەن دەگرێتەوە جاری وا هەیە لەخۆشیدایت و بەئاوازێکی خۆش دەدوێی بۆ بەرامبەرەکەت، ئەگەر لەناخۆشیدا بیت ئەوا پێچەوانەی ئەوی تر بەناخۆشی گوزارشت لەم بارە دەکەیت یان وەك سیاسەتمەندێك هەمیشە هونەرمەند لەڕووبەڕووی سیاسەتە چەوتەکان بۆتەوە بەوەی کەناڕەزایی دەربڕیوە یان بەمیوزیکایەك یان بەگۆرانییەك سیاسەتی چەوتی رژێمە چەوسێنەرەکانی کردۆتە پارچە ئاوازێك و نیشانی خەڵکیداوە، بەڵام بەزمانەکەی خۆی کەزۆر ئاستەنگە هەروا بەئاسانی بتوانێت بەزمان گوزارشتی لێوەبکات، بۆیە هەمیشە هونەرمەندی میوزیکی لەهەوڵداندایە بۆئەوەی دەنگی خۆی

بگەیەنێتە ناو جەماوەر جا تا چەند سەركەوتن بەدەستدەهێنێت ئەوە لەكارەكانیدا ئەو سەركەوتنە یان نشوستیە دەبینرێتەوەو هەر جەماوەر خۆشی دەتوانێ ئاماژە بەم سەركەوتنە بدات.

- بەڕێز سەلاح حەمەعەزیز:

ئەوەی من هان دەدات میوزیك بژەنم ئەو هەستانەن كەناتوانم بەئاخاوتن گوزارشتی لێبكەم، هەندێك جار بۆ جوانی سروشت یان عەشقێكی پاك یان گەڕان بەدوای ڕاستییەكاندا میوزیك دەژەنم، ئەو ساتانەش زۆر بەختیار دەبم كاتێك كاریگەرییەكەی لەبەرامبەردا دەبینم هەست دەكەم كارێكی بەرهەمهێنم ئەنجامداوەو هەست بەبەختیاری گەورە دەكەم، بەلام لێتانی ناشارمەوە زۆرجاریش میوزیك دەبێتە پیشەم و بەناچاری بەبێ هەست میوزیك دەژەنم، ئەوكاتانەش بەدڵنیاییەوە ناتوانم ئەو كاریگەرییەم بۆ سەر بەرامبەرم هەبێت.

*ئەو هاندەرانە چین كە هاندەرن میوزیك بژەنیت و ساتێكی خۆت تەرخانبكەیت تا داهێنانێك ببەخشیتە مرۆڤایەتی؟ ئەمە تەنها بەهرەیە یاخود خەونێكە دەتەوێت بیهێنیتەدی؟

- بەڕێز خالید سەركار:

میوزیك و جوانی هونەر بەهرەیەك و نیعمەتێكی خوداییە كە بەخشیویەتی بەمرۆڤ، بەبێ هونەر دنیا پڕە لەگرفت و كێشمەكێش و ئالۆزیی، هونەر بەتایبەت میوزیك دەرگاكانی خۆشەویستی و هەست ناسكی لەناخی مرۆڤ والا دەكاتەوە، هاندەری هونەرمەندیش تەنهاو تەنها خۆشەویستی و خزمەت بەمیللەتەكەیەتی، تا لەكاروانی چوونە پێشەوەی جیهان دوانەكەوێت و بەشداریی ئەو پەیامە جوانە بكات، ساتێك هونەرمەند دەبینێت جوانی هونەرەكەی كاریگەریی لەهەست و ناخی بیستەر كردووەو زەردەخەنەی پڕ خۆشەویستی و ژیانی ئاسوودەیی پێ بەخشیوە، ئەوسا هەست بەبەهای خۆی دەكات و شوكرانە بژێری خوای بەخشندەی دەكات كەتوانی لەخزمەتی میللەت و مرۆڤایەتیدا بێت و ئەم پەیامە جوان و ناسك و پیرۆزەی گەیاند.

- بەڕێز عادل محەممەد كەریم:

من وەكو میوزیكژەنێك میوزیك بەكێشەیەك تەماشا دەكەم وەكو هەموو كێشەكانی تری ولاتەكەم، واتە هۆكاری بنەڕەتیم ئەوەیە گەلەكەم وەكو دیاردەیەكی شارستانی بوون پێویستێتی و ناكرێ خۆمانی لێ لابدەین، كەواتە جگە لەئارەزووی خۆم و تاڕاددەیەك وەكو بەهرەیەك دەمەوێت لەم ڕێگەیەوە پیشانی هەموو دنیای بدەین كەئێمەش وەكو كورد ئاشنایین بەم هونەرەو بەزانستەكەی و لەڕێگەیەوە دەمانەوێت خزمەتی نەتەوەكەمان بكەین و میوزیكیان وەكو جوانترین هونەر پێبناسێنین و وایان لێبكەین بەپیرۆزی و بەشێوەیەكی تەندروست فەلسەفەو پەروەردەی میوزیكیان پێ ئاشنا بكرێن.

- بەڕێز سەلاح ڕەئوف:

هاندەرانی میوزیك ژەنین یان چوونە ناو دەریای هونەری میوزیكەوە زۆرن، بەهرەو خەونیشن، كاتێك بەهرە تەنگ بەخاوەنەكەی هەڵدەچنێت لەهەر بوارێكدا بێت، مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت لەدەستی دەربچێت، من ئەو كەسانە نالێم كەبەهەڵەو ڕێ لێتێكچوون هاتوونەتە ناو دنیای هونەرەوە، كاتێك گەورە میوزیك زانی جیهانی (ئارام خاتشادرۆریام) چەند ساڵێكی دوورودرێژ خەریكی چەلۆ ژەنین بوو بەنائومێدی (كۆنسەرفاتوار) ی بەجێهێشت تائەوكاتە كەسێكی دڵسۆزی پرۆفیشناڵ پێی وت كوڕە جوانكیلەكە من بەهرەی ئاواز دانانت تیا دەبینم هیوادارم لەدنیای هونەر دانەبڕێیت چونكە من وای دەبینم لەو بوارەدا خۆت دەبینیتەوە، ئەوەبوو پاش دەمێكی كەم (ئارام) بووە خاوەنی گەورەترین شاكاری هونەری میوزیكی جیهانی، پێم وایە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی هەموو شتێك دروست دەكات بەمەرجێك خاوەنەكەی بەهرەداربێت، زۆركەسانم دیوە خاوەنی بەهرەبوون، بەلام ئەو كارەی

کردوویانە خۆشەویستییان نەبووە، بۆیە هەر لەئاستەکەی خۆیاندا ماونەتەوە، من گەورە میوزیکزانێکی ئێستای ئەوروپی دەناسم و هاوەڵیشمە، سەرقاڵی بڕوانامەی دکتۆرایە لەبواری کۆمپۆزەرو رابەری میوزیکیدا، زۆرجار پێی وتووم، من زۆر زیاتر لەزەت لەوە دەبینم کەئامێرە میوزیکەکەم لەباوەشما بێت لەکچۆڵە نازدارەکەی دراوسێمان، کەواتە لەسەرانسەری ئەم دنیایەدا ئەو کەسانە سەرکەوتوون کەخاوەنی عیشق و خۆشەویستین بەرامبەر بەو کارەی ئەنجامی دەدەن، زۆر روون و ئاشکرایە ژیانی هاوسەریش گەر عیشق و خۆشەویستی لەتەکدا نەبێت دەبێت بەدوای ئامێرێکی تری گونجاودا بگەرێین.

- بەرێز زانا مەحمود هەژار:

میوزیك بەهرەیە ئەویش واتە خێرایی هەستپێکردن، بینینەوەی جوانییەکان، خەیاڵی فراوان، هەستی نوێبوونەوە یان داهێنان، لەپاڵ ئەمانەدا چاودێری تەواوی راهێنان و خۆپڕکردنی دەوێت لەزۆر لەبوارەکانی پێشخستنی هونەرەکەتدا، لەناو ئەمانەدا لای ئێمە وایکردووە حەزو بەهرەو مەعیشەتگەری تێکەڵاوبووەو بەهرەمەندەکان بەزەحمەت دەناسرێنەوە، هونەرمەندی کورد دەبێت بەبەردەوامی لەجەنگی ساردا بژی تاکات و جێگەی خۆش بکات بۆ بەهرەکانی، گەر وادەکات دەیکەین بەپەیژەو پیا تێپەڕدەبن، ئەویش پەراوێز دەکرێت و بەهرەکانی ناگات و ئەپووکێتەوە، لەبەرئەوە هێنانەدی خەونەکانی جەنگێکی ساردەو دەبێت لەسەرەتاوە بەرپات کردبێت، لەبەرئەوەی میوزیك کردن لەوڵاتی ئێمەدا زۆر بەربەستی گەورەو دیوار دێنەرێت دەبێت بەوریایی و ئازایانە ببیرێت، سەرگەردانی هونەرمەندی راستەقینە ئەوەیە کەهونەری رەسەن و پاك و جوان لەم وڵاتەدات نەکەس لێت دەکرێت نەپێی دەژیت، ئەمە وایکردووە هونەرمەندی چاك و بەتوانا تووشی نامۆیی و تێ رامان بووە، زۆربەی تواناکانیش لەبەردەم ئەو بەربەستەدا بەهرەکانیان تواوەتەوە.

- بەرێز ئارام عومەر محەممەد:

هەڵبەتە هاندەر زۆرن کەوایان لێکردووم کەمیوزیك بژەنم، یەکێ لەوانە ئەوەیە کەمن هەر لەمنداڵییەوە حەزم بەمیوزیك کردووەو دواتر کەچووینە ناو خولەکانی فێربوونی میوزیك لەچالاکی قوتابخانەکان بۆم دەرکەوت کەدەتوانم و لەتوانامدایە فێری میوزیك ببم، لەهەمانکاتدا هەستی نەتەوایەتی و ئاستی میوزیکی وڵاتەکەم وایلێکردووم کەهەوڵبدەم بۆ ئەوەی بەرەوپێشەوەی ببەم ئەگەر بەدانانی بەردێکیش بێت لەسەر بناغەی بینای میوزیکی کوردی، بۆیە ئێمە چەند کاتی خۆمان تەرخانبکەین بۆ میوزیك هەر زۆر کەمەو کۆتایی نایەت، چونکە میوزیك زەریایەکی زۆر گەورەو قوڵە، ئێمەی میوزیسیان تەنها دڵۆپێکین لەو زەریایە، دواجار میوزیك لای من بەهرەیەو خەونەیشە کەدەمەوێت لەپاشەڕۆدا ئەو خەونە بهێنمەدی کەپێشتر نەمتوانیوە بیهێنمەدی.

*کاتێك میوزیك زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوی بیسەر یا توندوتیژی و نارەزایی دروست دەکات تۆی هونەرمەند هەست بەچی دەکەیت و چیت لادروست دەبێت؟

- بەرێز سەڵاح رەئوف:

میوزیك یان خۆشی دێنێ یان ناخۆشی، من دڵشادم بەوەی هەر جۆرێك لەو دووانە لەناخی مرۆڤی کوردا ببینم بەرامبەر بەکارێکی هونەری، بەڵام ئەوکاتانە ناخۆشیمە کەهیچ کام لەو دیاردانە دروست نابن، مرۆڤە گوێگرەکان وەکو بایەك بەلای گوێیاندا تێپەرێت وابێت، ئەوساتە ئەوە دەسەلمێنێت کەمن هیچ کارێکی هونەریم نەکردبێت، تەنها لەو ساتەدا من دەبێت بەلاپەرەکانی مێژووی کارە هونەرییەکانی خۆمدا، بچمەوەو کارێکی هونەری وابکەم کەدەرەنجامێکی وابرەخسێنێت کەیەکێك لەهەردوو دیاردەکەی پێشوو لەزەردەخەنە خستنە سەر لێویان توندوتیژی و نارەزایی بخاتە نێو چاویانەوە،

لەبەرئەوەی هەركارێكی هونەری ئەگەر كاریگەرییەكی بەرچاوی نەبوو ئەوا تەمەنێكی زۆر كورتی دەبێت.

- بەڕێز ئارام عومەر محەممەد:

ئەگەر میوزیك بتوانێت زەردەخەنە یان نارەزایی و ناخۆشی لای بیسەر دروست بكات، كەواتە ئەوە جێگای شانازییە لای ئێمەی هونەرمەند، چونكە ئەوە نیشانەی گەیشتنی پەیامەكەمانە بەوان واتە توانیومانە ئەوەی لەدڵی ئێمەدایە بیگەیەنینە بەرامبەرەكەمان، بۆ نموونە بە مامۆستایەكی باش لەقەڵەم دەدرێت و لەوانەشە پاداشت بكرێت لەسەر ئەو كارەی، دواجار ئەو هەستە لای ئێمە دروست دەبێت كەئەو مامۆستایە هەیەتی و هەست بەسەركەوتوویی خۆی دەكات لەبوارەكەی خۆیدا، میوزیك پەیامە، پێویستە لەسەر ئێمەی میوزیك ئەو پەیامە بگەیەنینە گوێی بیسەر بەهەر شێوەیەك بێت ئێدی بەمیوزیك یا بەگۆرانی یا بەهونەرەكانی تر بێت.

- بەڕێز عادل محەممەد كەریم:

هەمیشە میوزیك دەبێ ئەو پەیامە پیرۆزەی بۆ مرۆڤایەتی پێ بێت كەهانیان بدات بەرەو كاری چاكەو تەندروست لەكۆمەڵدا، كاتێك كە لەم سروشتە دەرچوو بەرەو دوولایەنی تر هەنگاو دەنێت یەكەمیان ئەگەر نارەزایی دەربڕین بوو بەرامبەر كێشەیەك یان مافێكی رەوای گەل یان نەتەوە ئەوە لەگەڵیدام، بەڵام ئەگەر هاندان بێت بۆ ئاژاوەنانەوەو تێكدانی باری رەوشتی تاكەكانی كۆمەڵ ئەوا لەگەڵیدا نیم و هەراسانم دەكات.

- بەڕێز زانای مەحمود هەژار:

گوێمان لەدەیان و سەدان میوزیكی كوردی دەبێت، مافەكانیان جوانی گەورەم پێدەبەخشن بەرەو ئاینده، بەڵام لەماوەی (15تا20) ساڵی رابردوودا زۆرن ئەو بەرهەمانەی كەئازاری دەروونم دەدەن لەبەرئەوەی یەكێ یان دووان لەكەرەستەكانی بەرهەمهێنانیان تەواو نین ئەویش یان شیعرو ئاواز ئاوێتەنین یان ئەوانە لاوازە یان میوزیك كاڵ و كرچە یان دەنگی گۆرانیبێژ ناشازە یان تۆماركردن خراپە!

زۆر لەو بەرهەمانەش بەجلوبەرگ یان هەویەی كەسیەتی كوردن ئەگینا بەرهەمەكە فرێ بەسەر میوزیكی كوردی و دەرەوەی كوردیشەوە نییە.

*هەموو ماندووبوونێك پاش ئەنجامدانی كارێك حەوانەوەی لەدوواديت گەر بەراستی و دروست ئەو كارە گەشتبێتە كەسی بەرامبەر منیش بەم كارە هەستام تابتوانم خزمەتێك بەهونەری میوزیكی كوردی بكەم ئاواتمە رەنجەكەم بەجێی خۆی گەیشتبێ و شتێكم بەشتێك كردبێ كە لەو پێناوەدا بێ كەمەبەستم بووە لەگەڵ سوپای بێ پایانم بۆ بەشداربووانی ئەم تەوەرە.

YOUSIF_KAZH@YAHOO. COM